# ئێسکۓ پروسکی ئەنفالکراوەکان بهێننەوە نیشتمانی خۆیان

سالارمەحمود



خاکء خەڵک، داوای هێنانەوەی ئێسکء پروسکی ئازیزە گۆڕغەریبەکانیان دەکەن. کەسء کاری ئەنفالکراوەکان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، دواجار بەروخاندنی رژێمەکەی بەعس پڕ بەدونیایەک خەنی بوون.
لەلایەک بۆ رەوینەوەی سەرچاوەی زوڵمء ترسء ستەمء لەلایەک بۆ هیوای شاد بوونەوەیان بەو کەسوکارانەی پانزە ساڵێک بوو لێیان دزابوونء نادیار، نەبەزیندوویی، نە بە مردوویی چارەنوسیان نەدەزانرا.. هەرچەندە لەگەڵ ئاشکرابوونی زۆر تێبینی تردا ئەوان ئاشکرابوو کە ئەنفالکراوەکان لەسەر ئەرزدا نەماونء هەموویان بەزیندوویی ژێرخاک خراون.
ئەمەش حەقیقەتء واقیعێکی تاڵ بوو بۆ ئەوان، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا هیوا بڕاو نەبوون بەشادبونەوە "ئەگەر بەئیسکء پروسکەکانیشیان بێت".

بە داخەوە رۆژ بەرۆژ وا خەریکە ئەو خەنیبوونەیان وردە وردە روو لە کزی دەکاتء کردوە. لە کاتێکدا کە دەبیننء تێدەگەن کە کەسء لایەنێک بە جدیء بە تاسەوە لەدووی میکانیزمێکی عەمەلیدا ناگەڕێن بۆ ئەوەی بە ئەرکی نیشتمانیء ئەخلاقی خۆیان هەستنء ئەوانی پێ شاد بکەنەوە.
سەرباری ئەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە لە هەواڵی رۆژنامەو کەناڵەکانی تری راگەیاندنەوە دەبیستینء دەبینین رۆژێک لە نزیک فلان شارۆچکەی جنوبی عیراقء رۆژێک لە دەشتاییء سەحرایەکی عەرەبستاندا گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزراوەتەوەو بە جلوبەرگی بەکفن بوویاندا ناسراونەتەوە کە لە کوردە ئەنفالکراوەکانن.
درێژبوونەوەو چەندبارە بوونەوەی لەم جۆرە هەواڵانە لە شوێنء بەشێوازی جیاجیاو بێدەنگ بوونی دەزگاکانی حکومەتء بە تایبەتی وەزارەتی ئاوارەو ئەنفال بۆ بەپیرەوە چوونی دانانی رێء شوێنی هێنانەوەیان، وای لە خەڵک کرد کە بەرەبەرە ئەو هیوایەشیان لەلاکز ببێ کە دەسەڵات مشورێکی جدی ئەو مەسەلەیەی کە ئەوان تاکە هیواو دوا هیوایان بوو، بۆ سەبوری ژانء کۆستیان بخواتء نەختێ ئارامی ببەخشێ بە حاڵی بێ حاڵیاندا..
هەر چەندە لەژێرناوی هێنانەوەی ئێسکء پروسکی ئەنفالکراوەکاندا رێکخراوو تیمی جیاجیا دروست کرانء چەندین کەس نێردرایە دەرەوەی وڵات بۆ خول بینین لەبارەی چۆنێتی دەرهێنانی ئێسکء پروسکیانء دەستنیشان کردنی گۆڕە ونەکانء دۆزینەوەیان، بەڵام هیچ لەو ئیجرائاتانە نەچوونە چوارچێوەی کردارەوە. تەنیا ئەوە نەبێ لەم درەنگ وەختەدا تەرمی "512" قوربانی لە بارزانییەکان هێنرانەوە کوردستان. ئەویش لەرێگەی سەرکردە بارزانییەکانەوە مشوری عەشیرەتەکەی خۆیان خواردووەو کارێکی باشیان کردووە، بەڵام وەکو رۆژنامەنوس عارف قوربانی زیاد لە جارێک ئاماژەی پێداوەو بەشێک لەم مەسەلەیەی بیرهێناوەتەوە، بەڵام وەکو کەسێک کە موتابەعەی ئەو بابەتانە دەکەم هێشتا هیچ ئاوڕدانەوەو بەدواداچونێک بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بۆیە دەبێ کێ لە خەمی ئێسکء پروسکی "182" هەزار مرۆڤی گۆڕ غەریبدا بێت لە کاتێکدا چاوەڕوانی بووە تەوقی گەردنی مناڵء دەزگیرانء ژنء کەسوکاریانء بەو مەراقەوە بەشێکی زۆریان بێ

ئومێدانە سەریان نایەوە.
هێنانەوەی ئێسکـی پروسکەکانیش بەشێکە لە گیانی وەفاداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئەنفالـی بەردەوامیدانە، بە ئاگابوون لە کەسـیکاری شەهیدانـی رێبازەکەشیان.
کەواتە جێی خۆیەتی بپرسین ئەو پلانـی بەرنامەیەی کە وەزارەتی ئەنفال، ئەو خەرجـی مەسرەفەی لە دروستکردنی رێکخراوی هێنانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا کرا، بەچی گەیشتـی ئاکامەکەی چی لێ سەوز بوو؟.
لەبەرایییدا هێنانەوەی گلکۆی ئەنفالکراوەکان دەبێ ببێتە خەمی هەموو لایەکـی بەتایبەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستانـی نوێنەرانی کورد لە حکومەتی مەرکەزی عیراقدا. بۆ ئەوەی لە بۆتەی (گۆڕی بە کۆمەڵ)دا بەیەکجاری ون نەبنـی نەبنە تانەی هەتا هەتایی دەسەڵاتەکانی دوای ئەو رژێمەی کە ئەنفالـی تاوانەکانی تری ئەنجامدا.
نیشتمان چاوەڕوانی هێنانەوەیانە بە خاکـی خەڵکەوە..

2005 / 11 / 15